مقاومەی ئیسلامی: ئەمریکا بەرپرسیارە لە کوشتنی ساعدی

مقاومەی ئیسلامی لە عیراق"، ئەمریکا بەکوشتنی ئەبو باقر ساعدی تەمەتبار دەکات و دەڵێت ئەمریکا بە کوشتنی فەرماندەی کەتائیبی حیزبوڵا، "هەموو یاساکانی شەڕی پشێلکردن،" هێرشەکانی وشاندنی "گورزی بەئازار و هەرشی بەرفراوان" لە دژی هێزەکانی ئەمریکا دەکات و جەخت لە "ناچارکردنی" هێزە بیانییەکان دەکات بە ئاوەڵی لە عیراق بکشێنەوە.

لە راگەیەندراوەکدا مقاومەی ئیسلامی لەو بارەیەوە دەڵێت، "ئەو دەرفەتەی مقاومەی ئیسلامی بە هێزەکانی داگیرکاری دا بە ئاوەڵی لە خاکی پیرۆزیەکان بچنە دەرەوە و رزگاریان بێت، وەڵای نەوێندگیری و پاشانەویان، دوێنێ پێیان نەدرابوو، پێش ئاوەڵی گەورە و بچووکیان لە ساڵی 2011 ببڕێنرێن، کە ئەو کات موجاهیدەکانی مقاومە سەربازانی داگیرکاریان بەرەو ئاگری دژێخ لەدەخوێن و بنکەکانیان دەکردنە وێرانە و خەرمەش.

لەو بارەیەوە مقاومەی ئیسلامی لە عیراق دەڵێت، "دەرفەتی چەند رۆژی رابردوو بە دنیاییەوە پشانی گەلی عیراق و هاوڕێ و لایەنە بەرپرسەکانی دا کە دوژمنی داگیرکار دەستبەرداری چەپەڵی و ستەمی خێی نابێت و لە زمانی چەک بەو لاوە، لە هیچ تەناگات، ئەمش لە هەرشەکانی ئەم دواییەی بە سەر

موجاهیدەکانی حەشدی شەعبی لە قائیم و عەکاشات و شوێنەکانی دیکەیدا، بە رووبی دەرکەوت."

گرووپە چەکدارەکە کە لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا، بەرپرسیارێتیی خۆی لە زیاتر لە 170 هێرشی درێنی و مووشەکی بە سەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نودەوڵەتی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، عێراق و سووریا دەربڕیوە، دەڵێت، "تیرۆرکردنی سەرکردەی مەزن، باقر ساعدی لە بەغدا، "تاوانەکانی ئەمریکای گۆرەترکردن، بۆ کار، هەموو یاساکانی شەڕی پشێلکردن، ئەمەش تەنیا وادەکات مقاومەی ئیسلامی بە پەکهاتە ئاشکراکراوەکانییەوە، تەنیا زیاتر پابەندبێت بە بەرپرسیارێتیی خۆی بەرامبەر گەل، نیشتمان و ئومەتەکەی لە هەر دەخەکدا بێت".

ئەمریکا دەڵێت ساعدی راستەوخۆ "لە پلاندانان و جێبەجێکردنی هێرشەکانی سەر هێزەکانی ئەمریکادا بەشداربووە".

مقاومەی ئیسلامی دەڵێت، "ئەمە باشتر لەوانی دیکە ئاشنای چەپەڵێتیی دوژمنمان و گەڕپانەکانی ڕووبەووبوونەوەیانین، هەروەها باشتر دەزانین چۆن بچەکیاندابدەین، بە گورزی بەئازار و هێرشی بەرفراوان، بە ئاوەی ناچار بە ملکەچبوون و شکستخواردن بکرێن، ئامۆژگاری وەک خزمەتێک بە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان و پرسەکانی ئومەتەکەمان، داوا لە برایانی جیهادمان دەکەین، پەیوەندی بە ریزەکانی مقاومەوە بکەن، خۆیان یەکلابکەنەوە بە بەشداریکردنی کاریگەرانە لە دەرکردنی داگیرکار لەم قۆناخە مێژوویییەی عێراق و ناوچەکەدا".